Sorani Kurdish

**All Nations Family, Inc.**
PO Box 55
Grandview, MO 64030
(816) 216-1353
www.allnations.us
info@allnations.us

ئەوا زۆرجار دەتوانن فێرکردنێکی باشی کتێبی پیرۆز وەرگرن هەرچەندە هێشتا بە تەواوی تێینەگەن.

کۆدەبنەوە، ئەوا باوەردارە کۆنەکان زیاتر باوەردارە نوێیەکان بنیاد دەنێن بە تێبینیەکان.

**دەرچوون**

باوەرداری کۆن لە دیمەنەکە دەردەچێت و دەچێتە ناوچەیەکی دیکەی خزمەت کردن. ئێستاش باوەردارە نوێیەکان دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن بە خۆشەویستی و هاندانی باوەردارە کۆنەکان بەڵام نەک پشتیان پێ ببەستن. لەم قۆناغەدا پەیوەندی باوەردارە کۆن و نوێیەکان بەردەوام دەبێت بەڵام زیاتر وەک خزمەتکاری یەکسان.

لەوانەیە گەیشتن بەم قۆناغە و بڕینی هەنگاوەکان ساڵێک یان دووانی بوونێت، بەڵام جاری واش هەیە کە تەنها بە چەند مانگێک باوەرداری نوێ دەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت. خێرایی گەشەکردن لەسەر باروودۆخێکی دەگمەن دەوەستێت. لەوانەیە بێت کە ئەوانەی هێشتا بێ باوەڕن و کراوەن بۆ فێرکردن

باوەردارە نوێیەکان کۆببنەوە و مەشقیان پێ بکەن. باوەردارە نوێیەکان نابێت بەهەمان شێواز ئەو شتانە فێری خەڵک بکەن کە باوەردارە کۆنەکان فێریان کردن. زۆر خەم مەخۆ ئەگەر باوەردارە نوێیەکان ئیشەکانیان بە چاکی نەکرد لەسەرەتادا. بەردەوام لەگەڵیان کار بکە گەر دڵیان کراوە بوو بۆ فێرکردن.

**بینین**

باوەردارە کۆنەکان تەماشای رابەرایەتیکردنی باوەردارە نوێیەکان دەکەن. دەبێت باوەردارە کۆنەکان هەر شتێک بکەن بۆ چاندنی متمانە بەخۆ بوونی زیاتر بێت لە دڵی باوەردارە نوێیەکان و ستایشیان بکەن لەبەر چاوی خەڵک بۆ ئازایەتییان لە رایەڕاندنی کارکان لە بوارێکی نوێی بەخشین بە کۆمەڵگا. دواتر کە باوەردارە کۆن و نوێیەکان



# پێشاندان ← دەرچوون

هەردەم لەیادت بێت کە کاری تۆ بەهێزکردنی خەڵکی دیکەیە و ئەوانیش بۆ خەڵکی دیکە و بەو شێوەیە. پەیڕەو کردنی ئەو شێوازە یارمەتیت دەدات لەسەر ڕێچکەی ڕاست بیت لە سەرتاوە.

**پێشاندان**

یەکێک لە بوارێکدا ئەزموون یان شارەزایی زیاتر بێت ئەوا بە باوەڕدارە نوێیەکان پێشان دەدات چۆن شتێک بکەن یان زانیارییەک دەست بخەن کە بەرەو گوێڕایەڵی گەورەتریان دەبات. مەبەستی هەموو قوتابی کردنێک گوێڕایەڵییە بۆ ڕاسپاردەکانی عیسا.

**هاوکاری**

باوەڕدارە تازەکان دواتر هاوکاری باوەڕدارە کۆنەکان دەکەن لە ڕابەرایەتی کردن. ئەو قۆناغە دەکرێت یەکسەر دەست پێ بکات لە دوای ئەوەی تەنانەت یەکجار فێرکردنیان وەرگرت و زانیاریان دەستکەوت. دەکرێ باوەڕدارە کۆنەکان لەگەڵ

## حەوت ڕاسپاردەی بنەڕەتی

باوەڕدارە نوێیەکان فێری حەوت ڕاسپاردەی بنەڕەتی بکە. لەڕاستیدا عیسا نزیکەی ١٥٠ ڕاسپاردەی هەبوو. بەڵام ئەم حەفتە بەسە تاکو یەکێک لەسەرتادا بناغەیەکی باشی هەبێت. دەتوانیت دواتر بچیتە سەر وردەکاری زیاتر.

١_ تۆبەکردن و باوەڕهێنان

٢_ لەئاوهەڵکێشان

٣_ نان لەت کردن (ڕیانی هاوبەش)

٤_ خۆشەویستی و گەردەن ئازاد کردن

٥_ دوعا

٦_ بەخشین

٧_ بڕۆ خەڵک بکە بە قوتابی



**دووەم ئاست (ئینجیل شتێکی پەیڕەو کارییەو ڕاسپاردە نییە)**

کەسی باوەڕدار ئازادە لە پەیوەست بوون بەو پەیڕەوکاریانەی ئینجیل، چونکە ڕاسپاردە نین. بەڵام ڕێگریش مەبە کە پەیڕەو بکرێن چونکە نێردراوان پەیڕەویان کردووە و پەسەندیان کردووە.

**سێیەم ئاست (نەریت شتێکی بنەڕەتی ئینجیل نییە)**

داوا مەکە بە کوێری گوێڕایەڵی دابونەریتەکان بن. زۆربەی نەریتەکان باشن. تەنها ڕێگری لەو نەریتانە بکە کە کۆسپن لەڕێگای ڕاسپاردەکانی ئینجیل.

## سێ ئاستی دەسەڵات


ئەگەر تۆ ئەو سێ ئاستەی دەسەڵات فێری باوەڕدارە نوێیەکان بکەیت، ئێتر دەتوانن بڕیاری حەکیمانە بۆ خۆیان بدەن.



## یەکەم ئاست (ڕاسپاردەکانی ئینجیل)

گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی خودا بە بەبێ دەنگدان یان گفتوگۆ کردن لەسەری، خودا فەرماندەی هەرە بەرزی ئێمەیە. کڵێسا ئەو کاتە بەتەواوی چێندراوە کاتێک ئەو خزمەتە زیندووانە دەکات کە خوازراوە لەلایەن مەسیح و نێردراوان لە ئینجیلدا.

لەوانەیە تۆ هەوڵ دەدەیت خاڵی ج لابدەیت و بڵێیت کە ئەم خاڵە لەگەڵ گروپەکەی من ناگونجێت. گەر ئەم خاڵەیان لابدەیت ئەوا کڵێساکەت بەو شێوەیە گەشە ناکات کە تۆ دەتەوێت.



## ج - پەیوەست بوون بە دوعا کردن و گوێڕایەڵ بوون

١_ دوعا بکە. "ئەو سێ کەسە کێنە کە دەتوانی ئەو ڕاستیانەیان بۆ باس بکەی؟" باشترە ئەو کەسانە بێ باوەڕ بن "یا دوو دوو دوعا بۆ ئەو کەسانە بکەین"

٢_ گوێڕایەڵی. "ژیانم چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت لە ئەنجامی ئەوەی ئەمڕۆ فێری بووم؟ من ئیتر ....." ئەو بیروڕایەت لەگەڵ کەسێک باس بکە و پەیوەست بوونت مۆر بکە بە دوعا کردن.

٣_ پەیڕەو کردن - زۆر گرنگە لە کۆتایی هەر بەشێکی ئەو خوێندنە ڕاهێنان بکەیت چۆن ئەو ڕاستییانەی فێری بوویت بۆ ئەو سێ کەسە باس بکەیت کە دوعایان بۆ دەکەیت.

٢_ بڵێ، "ئایا پێویستیەکت هەیە باسی بکەیت یان گوناهێکت هەیە دەتەوێت دانی پێابنێیت؟"

٣_ بڵێ، "چی فێر بوویت لە هەفتەی رابووردووی خوێندنی کتێبی پیرۆز و چۆن دەکرێت لە ژیانتدا پەیڕەوی بکەیت؟"

ب - **خوێندنی کتێبی پیرۆز**

بە ساتایی سێ پرسیار بکە:

١_ ئەمە چۆن باسی عیسامان بۆ دەکات؟

٢_ چۆن باسی خۆمانمان بۆ دەکات؟

٣_ ئێمە دەبێت چی بکەین لەمەڕ ئەمە؟ ژیانمان چ گۆرانێکی بەسەردا دێت لە ئەنجامی ئەوەی فێری بووین؟

## گرووپی D

شێوازی A, B, C - زۆر گرنگە لەسەر شێوازی "ABC" برۆی کە بەیەکەوە کۆدەبنەوە (بەکەیفی خۆت ناوێکی لێ بنێ). کۆبوونەوەی گرووپی D دابەش بکە بۆ چەند یەک لەسەر سێیی و بە دڵسۆزی لەسەر مەبەستی هەر یەک لەو یەک لەسەر سێییانە بوەستە. D گرووپەکان پارمەتیدەرن بۆ دانانی بناغەی قوتابی کردنێکی بنەڕەتی. شێوازەکە فێربوونی ئاسانە و پەیڕەو کردنیشی ئاسانە و دکرێت بگوازرێتەوەش.

**١ ـ داوا بکە خواپەرستییەکی کورت و دوعا بۆ یەکتری بکرێت.**

١ـ بڵێ، "چ شتێک هەیە کە تۆ سوپاسگوزاری بۆی؟" دواتر "با کاتێکمان هەبێت بۆ دوعا کردنێکی کورت و سوپاسگوزاری."

چیرۆکی خۆیان لەگەڵ عیسا بۆ خەڵک باس بکەن یان داوەتیان بکەن تاکو دوای عیسا بکەون. لە راستیدا پێویستە هانیان بدەی باسی چیرۆکی خۆیان لەگەڵ عیسا یەکسەر بۆ خەڵک باس بکەن!

ئاستێکی گەورەتری لێپرسراوی دواتر دێت، بەڵام بەردەوام ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین ئاخۆ چ جۆرە خزمەتێک گونجاوە تاکو پشتگیری کەسەکە بکەم تا بیکات.



## خەڵکی دیکە بەهێز بکە


لەبری ئەوەی کڵێسا لە دەوری خزمەتی خۆت بنیاد بنێیت، خەڵک بەهێز بکە خزمەت بکەن لە هێڵ لەگەڵ ئەفەسۆس٤: ١١-١٣: "ئەویش بە هەندێکی دا ببنە نێردراو، هەندێك پێغەمبەر، هەندێك مژدەگەر، هەندێك شوان و مامۆستا، بۆ تەواوکردنی پیرۆزکراوان بۆ کاری خزمەت، بۆ بنیادنانی لەشی مەسیح، تاکو هەموومان بگەینە یەکێتی باوەڕ و ناسینی کوڕی خودا، ببینە مرۆڤێکی پێگەیشتوو، بگەینە ئاستی تەواوی باڵای مەسیح."

چاوەڕوان مەبە تاکو خەڵکەکە خولێک تەواو دەکەن، بەڵکو بیاننێرە و بەهێزیان بکە با بڕۆن باسی عیسا بۆ خەڵک بکەن. خودا خەڵکی گەنج و نا پێگەیشتوو بەشێوازی زۆر بەهێز بەکار دەهێنێت. وا تێمەگە کە خەڵکی پێنەگەیشتوو ناتوانن باسی

# زنجیرەی فێرکردن



لە بری تەنها کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری خۆت، چەندین زنجیرەی فێرکردن دامەزرێنە لە هێڵێکدا، بڕوانە ٢تیمۆساوس ٢: ٢: "ئەوەی لەمنت بیستووە لە بەردەم چەندەها شایەت، بە خەڵکی دڵسۆزی بسپێرە کە لێهاتوو بن، خەڵکی دیکەش فێربکەن."



## لەنێو تۆڕی کاردا کار بکە

هانی باوەڕدارە تازەکان بدە بەردەوام برادەراتی برادەرەکانیان بکەن! لەبری ئەوەی تۆ باوەردارە نوێیەکان بهێنیە جیهانی خۆتەوە ئەوا تۆ بڕۆ ناو جیهانی ئەوانەوە. لەبری ئەوەی ئەوان بە برادەرانی خۆت بناسێنی، بڕۆ خۆت برادەرانی ئەوان بناسە. لە بری ئەوەی ئەوان بێنە ئەو شوێنانەی کە مایەی سرنجی تۆن، تۆ بڕۆ ئەو شوێنانەی کە مایەی سرنجی ئەوانە.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵک نایانەوێت برادەرە کۆنەکانیان بەجێ بهێڵن، کەم هەیە وەکو خوو برادەرانیان جێ دەهێڵن. بەدوای ئەوانە بگەڕێ کە ئامادەن تۆ و عیسا بە تۆڕی برادەرانیان بناسێنن. چێژ وەرگرە لە پرۆسەی دۆزینەوەی گرووپی نوێی برادەران!

تەندروست و زیندوو (بڕوانە کردار٢: ٤٢-٤٧)، بەڵام کۆبوونەوەی خەڵک سەرەتای چاندنی ئەو کڵێسایەیە.

**٥. چەند قات زیاد کردن**

پلان بۆ گەشەکردن. لەسەرەتاوە مەشق بە باوەڕدارە نوێیەکان بکە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاری بۆ کۆبوونەوە و موژدەدان. تا دەکرێت تۆ لە دواوە بمێنەوە بۆ هاندانی ئەوانی دیکە بۆ گەشەکردن و بەکارهێنانی بەهرە روحیەکانیان. کاتێک قەبارەی ئەو خزمەتە گەیشتە ئاستێکی باش لە گەورەیی، ئیتر پلان دابنێ بۆ دەست پێکردنی کۆبوونەوەی نوێ.

قوتابی کردن واتە ناساندنی عیسا بە خەڵک بە شێوازێک کە بەشێوەیەکی تایبەت بیناسن. چاوت لەسەر خزمەتی نێو میللەتان بێت چونکە کاری خودا بەشێکە لە DNA ئەوان.

**٤. کۆبکەوە**

وا بکە ئەوانەی لە رووی روحییەوە کراوەن کۆببنەوە بۆ خۆشی و نمایش، ئەوانەی حەزی هاوبەشیان هەیە، یان بۆ دوعا کردن و خوێندنی وشەی خودا. هەندێک جار باشترە کە خۆیان بریار بدەن لەگەڵ کێ کۆببنەوە و لە کوێ و کەی. چاو بخەرە سەر چیرۆک و وتەکانی عیسا، چاوەرێ مەکە تاکو ئەوان بڵێن دەمانەوێت ببینە قوتابی عیسا، تۆ کۆمەڵێ برادەران دروست بکە. بۆ نان خواردن کۆبوونەوە یەکێکە لە باشترین رێگاکانی بنیاد نانی کۆمەڵگا. عیسا دەڵێت گەر دوو یان سییان بە ناوی ئەو کۆببنەوە ئەوا ئەو لەگەڵیانە. ئەمەیە کڵێسا بەشێوە هەر ئاسان و بنەرەتیەکەی. هیچ شتێکی دیکە پێویست نییە تاکو "کڵێسا بێت". شتی زیاتر هەیە بۆ گەشەکردنی کڵێسایەکی

**٢. دیتن**

بڕۆ خەڵک ببینە لە شوێنی خۆیان. بەوانەوە بنووسێ کە عیسا ناناسن. لە قەوارەی مەسیحی بڕۆ دەرەوە.
بەرەنگاری تاقی کردنەوە و ئەو پاڵنەرانە ببەوە کەوات لێدەکات بە کاروباری گروپ خەریک بێت کە وزە و کاتت دەمژێت. تەماشای گێرفانی ئەو کەسانە بکە کە هیچ لە دواکەوتووانی عیسای تێدا نییە. کە خەڵک دەبینێت وایان لێ مەکە بێن برادەرەکانت ببینن. تۆ بڕۆ و برادەرەکانی ئەوان ببینە.


**٣. بکە**

قوتابی بکە و وەبەرهێنان لە ژیانی خەڵک بکە.
چاوەڕوانی ئەوە مەبە تاکو ئەوان دوعای قبوڵ کردنی عیسا دەکەن یان بڵێن کە دەیانەوێ دوای عیسا بکەون، تۆ وەکو مرۆڤ وەبەرهێنان بکە لە ژیانیان. "قوتابی کردن" شێوازێکی دیکەی وەسفی موژدەدانە، هەروەها بنیاد نانی پەیوەندییەکی مانادار.

# پێنج هەنگاو

## ١. دوعا بکە

دوعا بکەتا ئەو ئاستەی دەگرێت بۆ ئەو خەڵکە.
بەرۆژوو بە و دوعا بکە. پیاسە بکە و دوعا بکە. داوا لە خودا بکە تا بتوانی ئەوە ببینی کە خودا دەیبینی و هەست بەوە بکەیت کە ئەو هەستی پێ دەکات.
دوعا بکە بۆ ژن و پیاوەکانی ئاشتی کە دەرگا دەکەنەوە بۆ دڵ و مێشکی ئەو کەسانەی تۆ موژدەیان دەدەیتێ. دوعا بکە بۆ تێگەیشتن و خۆشویستنی کەلتوور. دوعا بکە بۆ خودا تاکو ستراتیجییەکی تایبەت بداتێ.




**کردار کردار رادەکێشێت**

تۆ ئێستا بە بنەماکانی ئینجیل دەژیت، نموونەی کڵێسای بەرهەمهێن راستەوخۆ لە ئینجیل و پەرتووکی کردار هاتووە. ئەمەش بەپێی کتێبی پیرۆزە.

**لەسەر ژیانی ناسایی بە**


بەشێک بە لە ستراتیجیەتێکی خزمەت کە بەردەوامە! خزمەتێک دەست پێ بکە کە خۆماڵیەکان بەهێز بکات و تۆش رۆڵت هەبێت، تۆش کارێک بۆ گوزەرانی خۆت بکە وەک پیشەگەر دەکرێت.



ڕاستە ئێمە جڵەوی پرۆسەکەمان نامێنێت، بەڵام ڕوحی پیرۆز بە دڵنیاییەوە جڵەوی بەدەستە.

**ڕەنگین و جوان**

دەتوانی لەهەر شوێنێک و لەگەڵ هەموو کەسێک بیکەیت! کڵێسا سادەکان لە نێو خەڵکەک دەستی پێکرد کە جیاواز بوون لە ڕووی نەتەوە و دەربڕینی کەلتووری جیاواز. لە زانکۆکانی ئەمریکا و خەڵکی نەخوێندەوار و لادێیەکانی ئەفریقیا و شارە گەورەکانی ئاسیا و لەسەر کارەکان و چایخانەکان، هەر شوێنێک کە خەڵک تیایدا بە ئاسایی کۆدەبێتەوە، لەو شوێنەدا دەتوانن لەگەڵ عیسا کۆببنەوە و کڵێسایان هەبێت.



## دڵمان

**ساتا**

تۆ دەتوانی بیکەیت، پرۆسەکە زۆر سانایە، لاو و پیر، خوێندەوار و نەخوێندەوار، شارستان و لادێیی، شەرمن و بوێر، شارەزا و دەسپێک، تۆ دەتوانی کاریگەری زۆرت هەبێت بەچاندنی کڵێسای سادە کە کڵێسا دەچێنێتەوە.

**پڕینەوەی لێوار**

تۆ دەتوانیت کاریگەری زۆرت هەبێت لەسەر ئەوانەی لەخودا دوورن! چاندنی کڵێسای بەرهەمهێن
کاریگەرترین رێگایە بۆ گەیاندنی مژدەی عیسا، ئەمەش بە بەڵگە تۆمار کراوە

**مەشقی خێرا**

دەکرێت ببیتە بەشێک لەچیرۆکی خودا، سەرکێشی مزگێنی! کە دەست پێدەکات و کڵێسا دەگاتە ئەوپەڕی پرۆسەی کڵێسا چاندنی خۆی، بەراستی ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بزوتنەوەی کڵێسا چاندن لەدەست دەردەچێت.

کۆپی کردن و وەرگێران و بەرهەم هێنانەوەی و
چاپکردنەوەی رێگا پێدراوە لەهەر بوارێکدا



# ڕێبەری گیرفان

# بۆ کڵێسا چاندن

پام نارلوند